# پـۆســتـەرێـکــی نــادیــار

بۆ هونەرمەند قەرەنی جەمیل

دەنگ بە خشپەیی

چەترێک بەرامبەر

باران دروست دەکات

هەرسێ رەنگی بنچینەیی تێکەڵاوی

رەنگە نادیارەکان دەکات،

وێنەی بڵقی سەرئاو نیشان دەدا،

بەرامبەر فرمێسکی چاو

خۆی قیت دەکاتەوە .

هەر هەمان دەنگ و رەنگ

لەگەڵ فلچەی دەستی

سەما لەسەر تابلۆیەی دەکا

هێشتا پەنجەی رەنگی سووری

نەگرتووە ، هێشتا زووە

پلایس و گاز و مشارەکە

پەنجەکانی نەقرتاندووە

وێنەی باران دەکێشێ ،

یا فرمێسکی خۆتە بەسەر پۆستەرەکەت

رشتووە .